# ئەم یاری کردنە بە ووشە دادت نادات تاڵەبانی

**جبار محسن**
Jabar_muhsin@yahoo.no

November 12004

تاڵەبانی لە دوای کۆبونەوەی م.س ی پدکو پیوك ڕایگەیاند: بۆ چەسپاندنی مافەکانمان لە دەستوری داهاتوی عیراقو وەرگرتنەوەی ئەو ناوچانەی کە لە کوردستان دابڕاون دوو مەرجی زۆر بنەڕەتی هەن کە هاوکاری‌و هاریکاریی نێوان پارتی و یەکێتی‌و هاوکاری‌و هاوپەیمانییە لەگەڵ هاوپەیمانان!!!

هەرچەندە ڕۆشن نییە تاڵەبانی مەبەستی کام مافانەیە ،مافی خەڵك یان مافی خۆیان ، بەڵام هەر کامێکیان بێت پرسیار ئەوەیە کە تاڵەبانی بۆچی تازە باسی ماف ئەکات،مەگەر ئەو خۆی لە دارشتنی دەستوردا لەگەڵ هاوەڵ‌و هاوپەیمانەکانی دەستیان نەبوو؟ ئەی تاڵەبانی بانگەشەی ڕزگاری نەکرد و ڕاینەگەیاند کە ئەمریکا لەگەڵ خۆیدا ڕزگاری و ئازادی ئەهێنێ ؟ ئێستا دەیەوێت پێمان بڵێ چی؟ بڵێ ئەوەی ئەمریکا هێنای نە ڕزگاری بوو نە ئازادی؟ چونکە لە ڕاستیدا ڕزگاری بە بێ بەدەستهێنانی ماف ،ئازادی بەبێ ماف ، هیچ مانایەکی نییە. یان ڕەنگە ئەمەش داهێنانێکی تر بێت لە داهێنانەکانی تاڵەبانی !!!!پاشان ئەمان بە هەموو هێزوو توانای خۆیان هەر ئەوەندەیان پێکراو هەرئەوەندە لە دەستوردا جێگیر بوو کە ئێستا خۆشیان پێی ناڕازین. کەوایە تاڵەبانی چ زەمانێك ئەداتە دەست خەڵك نا بەڵکو هاوەڵەکانی کە لە سبەینێی حکومەتی هاوپەیمانەکانیدا دان بە مافەکانیاندا دەنرێت ؟

باس کردن لە وەرگرتنەوەی ئەو ناوچانەی کە لە کوردستان دابڕاون یانی چی؟ تاڵەبانی دەیەوێت لەسەر وەتەری ناسیۆنالیستە ناڕازیەکان جەماوەرێك بۆ خۆی پەیدا بکاتەوە وا باسی ئەو ناوچانە دەکاتەوە. ئێ خۆ مامە دەمێکە باسی ئەو ناوچانە دەکات بەڵام چۆن جاران بنێشتە خۆشەی ژێر دانیان بوو بۆ وەرگرتنی سەهمێکی زیاتر لە حکومەتی سەددام ئێستاش نیازێکی پیرۆزتریان نییە هەر بنێشتە خۆشەکەیە بۆ هەمان مەسەلە ئەگینا ئەم هەموو بەیت‌و بالۆرەی فیدراڵیزم‌و یەکپارچەیی خاکی عێراقەچییە شەوو ڕۆژ دەیڵێنەوە ؟

ئینجا وەرن باسەیری مەرجە سەیرو سەمەرەو بنەڕەتیەکانی تاڵەبانی بکەین کە بۆ بەدەستهێنانی مافەکان دایناوە هاوکاری‌و هاریکاری پارتی بەڵام هاوکاری‌و هاوپەیمانی ئەمریکا !!!! تاڵەبانی ناتوانێ هاوپەیمانی پارتی دەستە خوشکی خۆی بکات کەوەك ئەو باسی کوردایەتی ئەکات بەڵام مەرجەو بنەڕەتیە کە دەبێ هاوپەیمانی ئەمریکا بکات !! باشە تاڵەبانی خۆی ئەتوانێ وەڵامی خۆی بداتەوە کە ئەو هەموو تەناقوزە چییە لە قسەکانیدا؟ پێشتر ئیعتراف ئەکات کە باسکردنی ڕزگاری و شاو لۆغانی هاتنی ئەمریکا بەدیهاتنی مافەکانی پێوە نەبوو کەچی سوێندی خواردووە هەر دەبێ هاوپەیمانی بێت !!! بەڵام لە تاڵەبانی ناگرم منیش حیزبێکم هەبێت سوێند بەسەرم بخۆن و بەدارو بەردیاندا بدەم‌و هەر دەمە لە بایەك شەن بکەم ، هەموو خەوتوبن‌و مێشکیان دابێتە دەستم هەروایان پێ دەکەم .